# پوختەی بنەماکانی ئیمان و ئیسلام

## لێکوڵینەوەی دووەم: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە و جۆرەکانی

< كوردي - كردي - kurdish >

دکتۆر عبد الله محمد أحمد الطيار

وەرگێرانی: ئومێد عمر علی
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# خلاصة الكلام في أركان الإيمان والإسلام

## المبحث الثاني: الشرك وأنواعه

عبد الله محمد أحمد الطيار

ترجمة : أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# لێکۆڵینەوەی دووەم: هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە و جۆرەکانی

ئەم بابەتانەی لەخۆ گرتووە :

1)پێناسەی (شرك) هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوای گەورە .

2)بەشەکانی (شرك) هاوەڵ بڕیاردان .

3) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە .

4)پێناسەی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە .

5)مەترسی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە لەسەر خاوەنەکەی .

6)جۆرەکانی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە .

7) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك و جۆرەکانی .

8)پێناسەی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك .

9)جۆرەکانی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك .

10)مەترسی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی بچووك لەسەر خاوەنەکەی .

11)جیاوازی نێوان (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و بچووك .

12)سەردانی گۆڕەکان .

13) بەشەکانی سەردانی گۆڕ.

14) سەردانی سوننەتانەی و ئادابەکانی .

15)سەردانی بیدعیانە .

16) سەردانی شیرکی .

17)دوو ڕووی و جۆەکانی .

18)مانا و مەبەستی دوو ڕوویی .

19) جۆرەکانی دوو ڕوویی .

20)جادو و فڕوفێڵ وهەندێ شتی تر .

21)هەقیەقەتی جادو .

22)ئایا جادو کاریگەری هەیە ؟

23)زیانی جادو لەسەر تاك .

24)حوکمی جادو و جادوگەران .

25)چۆن خۆت دەپارێزیت لە جادو ؟

## (شرك) هاوەڵ بڕیاردان و بەشەکانی

**(شرك)**: بریتیە لە بڕیاردان و دانانی هاوەڵ بۆ خوای گەورە .

### بەشەکانی (شرك) هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا:

هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا دوو بەشە :

### یەکەم : هاوەڵ بڕیاردانی گەورە (الشرك الاكبر).

**پێناسەکەی** : ئەوەیە هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەیت لە پەروەردگاریەتی، یان لە پەرستنی، یان لەناو صیفەتەکانیدا[1].

لە پێناسەکەیدا وتوویشیانە : بریتیە لەوەی هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەیت و لێی بپاڕێیتەوە و داوای لێ بکەیت، چۆن لەخوای گەورە دەپاڕێیتەوە و داوای لێ دەکەیت، یان لێی بترسیت وەك چۆن لەخوا دەترسیت، یان ڕجا و ئومێدت پێی هەبێت و خۆشت بوویێت وەك خۆشەویستنی خوای گەورە، یان هەر جۆرە پەرستنێکی تری بۆ بکەیت لەو پەرستنانەی کە تەنها بۆ خوای گەورە ﷻ ئەنجام دەدرێت.

کاتێك کە دەڵێین: (هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەیت لە پەروەردگاریەتی ) واتا: باوەڕت وابێت کە ئەو شتەی کراوە بەهاوەڵی خوا وەك خوای گەورە خالق و بەدیهێنەرە، یان خاوەنی ڕزق ورۆزی و ژیان و مردن و صیفەتەکانی تری پەروەردگاریەتیە، وە کاتێك دەڵێین : (هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەیت لە

---

([1]) معارج القبول: (483/2)، اللجنة الدائمة (516/1).

پەرستنی دا) واتا : جگە لەخوای گەورە یان لەگەڵ ئەودا شتێکی تر بپەرستیت، کڕنووش و سوژدەی بۆ ببەیت، یان ئاژەڵی بۆ سەرببڕیت و نەذری بۆ بکەیت، وە لێی بپاڕێیتەوە وهاواری بۆ بەریت، وە کاتێکیش دەڵێین: (هاوەڵێك بۆ خوا بڕیار بدەیت لە ناو و صیفەتەکانیدا) مەبەستمان ئەوەیە: ناوێك یان صیفەتێك لەناو و صیفەتە پیرۆزەکانی خوای گەورە بدەیت بە شتێکی تر جگە لەخوا، وەك داتاشینی ووشەی(اللات) لە ناوی (الاله) یان (العزی) لە (العزیز)، یاخود شوبهاندن و لێکچواندنی دروستکراوەکانی خوا بە خالق وبەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی (خوا پەنامان بدات) .

**مەترسی هاوەڵ بڕیاردانی گەورە :**

هاوەڵ بڕیاردانی گەورە، خوای گەورە و پەروەردگار هەرگیز لێی خۆش نابێت، بە تەوبەکردن و گەڕانەوە نەبێت لەو تاوانە گەورەیە، خۆ ئەگەر خاوەنەکەی بەو تاوانە گەورەیەوە بگەڕێتەوە بۆلای خوا و بمرێت ئەوە بۆ هەتا هەتایی لەئاگری دۆزەخدا دەمێنێتەوە، خوای گەورە ﷻ فەرموویەتی :

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغۡفِرُ أَن يُشۡرَكَ بِهِۦ وَيَغۡفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُۚ وَمَن يُشۡرِكۡ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفۡتَرَىٰٓ إِثۡمًا عَظِيمًا ٤٨ ﴾ [2] واتا: بێگومان هەرگیز خوا لەدانانی هاوبەش بۆی نابوورێت وخۆش نابێت، بەڵام غەیری هاوبەش بڕیاردان لەهەموو گوناهێك خۆش دەبێت بۆ هەرکەسێك کە خۆی بیەوێت، هەرکەسێك هاوەڵ بۆ خوا بڕیار بدات، ئەوە بەڕاستیی درۆو گوناهێکی گەورەی کردووە .

---

(2) سورة النساء : الآية 48.

زۆربەی ئەو کەسانەشی کە دەکەونە ناو ئەم جۆرەی هاوەڵ بڕیاردانەوە هۆکارەکەی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە کە پشتهەڵدەکەن لە فێربوونی بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وکەمتەرخەمن لە بواری یەکخواپەرستی، و هەوڵنادەن فێری هەقیەقەت و ڕاستیەکەی ببن، لەهەمان کاتدا نایانەوێت فێری ئەو شتانە ببن کە ئیسلامەتی مرۆڤی موسڵمان هەڵدەوەشێنێتەوە، و خراپی دەکەن، چونکە کۆمەڵێ کار و گوفتار و باوەڕ هەن ئیسلامەتی هەڵدەوشێننەوە و خراپی دەکەن، وە هەرچی کارو کردەوەی چاك وباشی مرۆڤیشە هەر هەمووی لەناو دەبەن و دەیسڕنەوە .

**جۆرەکانی (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی گەورە :**

1) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی پەرستن وعیبادەت : ئەمیش بەوە دەبێت شتێك لەو پەرستنانەی کە بۆ خوای گەورە ئەنجام دەدرێن، بۆ کەسێك یان شتێکی تر بکرێن، وەك پاڕانەوە لەغەیری خوای گەورە، یان نەذر و سەربڕینی ئاژەڵ بۆ جگە لەخوا، یان کڕنووش و سوژدە بردن بۆ غەیری خوا، یان هەرجۆرە پەرستنێکی تر کە بۆ خوا دەکرێت، بۆ کەسێکی تر ئەنجام بدرێت .

2) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی خۆشەویستی : ئەویش بەوە دەبێت هاوبەشێك بۆ خوای گەورە ﷻ دابنرێت، وەك ئەویش خۆشت بووێت، وەك فەرموویەتی :﴿ وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمۡ كَحُبِّ ٱللَّهِ ﴾[3] واتا : هەندێ لە خەڵکی هەن لەگەڵ ئەوەشدا تێنا فکرن تاخوا بەتەنها

(3) سورة البقرة : الآية 165.

بپەرستن، هێشتا چەند هاوتا و چەند هاوبەشێکی بۆ دادەنێن , خۆشیان دەوێن وەك خۆشەویستی خودا، واتا: ئەوانیش هەر ئەوەندە بت و بەرنامەکانیان خۆش دەوێت .

3) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی هەواو و ئارەزوو : ئەویش بەوە دەبێت کەسێك هەوا وئارەزووەکانی خۆی پێش بخات بەسەر طاعەت و گوێڕایەڵی خوای گەورەدا ﷻ، ئەگەر هاتوو هەواو ئارەزووەکانی لەو شتانەدا پێش خستن کە بێباوەڕی وشرك و هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا، ئەوە بێگومان دەچێتە چوار چێوەی شرك و هاوەڵ بڕیاردان و بێباوەڕیەوە و خاوەنەکەی لە ئوممەتی ئیسلام دەخاتە دەرەوە، خۆ ئەگەر هاتوو هەواو ئارەزووەکانی لەو شتانەدا بوو کە گوناهو تاوان بوون وپێشی خستن بەسەر خوای گەورە و فەرمانەکانیدا، ئەوە بە گوناهو تاوان دادەنرێت و خاوەنەکەی پێی لە ئوممەتی ئیسلام ناچێتە دەرەوە، چونکە هەموو تاوان و گوناهێك لەرێگەی هەوا و ئارەزووەکانی مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ أَرَءَيْتَ مَنِ ٱتَّخَذَ إِلَـٰهَهُۥ هَوَىٰهُ أَفَأَنتَ تَكُونُ عَلَيْهِ وَكِيلًا ﴿٤٣﴾ ﴾ [4] واتا : ئایا نابینیت ئەو کەسەی کە ئارەزووی خۆی کردۆتە خوای خۆی (شوێن نەفسی بەدکردار کەوتووە) ئایا تۆ دەتوانیت ئەوانە بپارێزیت لە لادان و سەرکەشی؟! (یاخود سنوورێکیان بۆ دابنێیت ؟ خەمت نەبێ بۆ کوێ دەچن؟).

---

(4) سورة الفرقان : الآية 43.

هەر بەهۆی هەواو وئارەزوو و نەفسی بەدکارەوەیە مرۆڤ دەکەوێتە ناو سەرپێچی خوای گەورەوە، لە بیدعە و هاوەڵ بڕیاردان وسەرجەم تاوانەکانی تریش، چونکە ئەو کەسەی شوێن هەوا و ئارەزوو و نەفسی دەکەوێت چاك و خراپ لەیەك جودا ناکاتەوە، هەموو شتێك بە تەرازووی ئارەزوەکانی دەپێوێت .

4) (شرك) هاوەڵ بڕیاردانی طاعەت و گوێڕایەڵی : ئەمەش بەوە دەبێت کەسێك گوێڕایەڵی و طاعەتی کەسێك بکات لەحەلاڵکردنی ئەو شتانەی خوای گەورە حەرامی کردوون، یان لە حەرامکردنی ئەو شتانەی کە خوای گەورە حەلاڵی کردوون، چونکە ئەم جۆرە لەگوێڕایەڵی کردن بە شیرك وهاوەڵ بڕیاردان دادەنرێت، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَاءُ شَرَعُوا لَهُم مِّنَ الدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَن بِهِ اللَّهُ ﴾[5] واتا : (ئایا ئەو بێباوەڕانە ڕازین بەبەرنامەی خوا) یاخود شوێنی ئەو هاوەڵ بڕیاردەرانە دەکەون کە بەناوی دینەوە بەرنامەیان بۆ داناون و پەیڕەوییان دەکەن بێ ئەوەی خوا مۆڵەتی دابن و پێی ڕازی بن (حەرام و حەلاڵیان بۆ دیاری دەکەن) , هەروەها فەرمـــوویەتی :﴿ اتَّخَذُوا أَحْبَارَهُمْ وَرُهْبَانَهُمْ أَرْبَابًا مِّن دُونِ اللَّهِ ﴾[6] واتا : (گاورو جوولەکەکان) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا (ملکەچ و فەرمانبەرداریانن) ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان شتیان بۆ حەلاڵ یان حەرام دەکەن .

---

(5) سورة الشورى : الآية 21.

(6) سورة التوبة : الآية 31.

لەتەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا بەسەر هاتی عەدی کوڕی حاتەم هاتووە کە ڕیوایەتی کردووە و دەڵێت : « أَتَيْتُ النَّبِيَّ ﷺ وَفِي عُنُقِي صَلِيبٌ مِنْ ذَهَبٍ. فَقَالَ: { يَا عَدِيُّ اطْرَحْ عَنْكَ هَذَا الْوَثَنَ }، وَسَمِعْتُهُ يَقْرَأُ فِي سُورَةِ بَرَاءَةَ:﴿ ٱتَّخَذُوٓاْ أَحۡبَارَهُمۡ وَرُهۡبَٰنَهُمۡ أَرۡبَابٗا مِّن دُونِ ٱللَّهِ ﴾ قَالَ : { أَمَا إِنَّهُمْ لَمْ يَكُونُوا يَعْبُدُونَهُمْ وَلَكِنَّهُمْ كَانُوا إِذَا أَحَلُّوا لَهُمْ شَيْئًا اسْتَحَلُّوهُ وَإِذَا حَرَّمُوا عَلَيْهِمْ شَيْئًا حَرَّمُوهُ، فقال : ﷺ فتلك عبادتهم } [7] واتا : عەدی کوڕی حاتەم دەڵێت : هاتم بۆلای پێغەمبەری خوا ﷺ وخاچێکم لەزێڕ لە ملدا بوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی : ئەی عەدی ئەو بتە لەملت فڕێدە، ئەمجا گوێم لێ بوو لە سورەتی بەڕائەتی خوێند، کە خوای گەورە دەفەرمووێت : (گاورو جوولەکەکان) حاخام و قەشەکانی خۆیان کردۆتە پەروەردگاری خۆیان لە جیاتی خوا، عەدی دەڵێت : بەڵام ئەوان ئەوانیان نەدەپەرست، هێندە هەبوو کاتێك شتێکیان بۆ حەڵاڵ دەکردن ئەوانیش بە حەڵاڵیان دادەنا، وە کاتێك شتێکیشیان لەسەر حەرام دەکردن ئەوانیش بە حەرامیان دادەنا، پێغەمبەریش ﷺ فەرمووی : دەی ئەوە پەرستن بۆ ئەوانە .

## دووەم : هاوەڵ بڕیاردانی بچووک و جۆرەکانی :

هاوەڵ بڕیاردانی بچووك : ئەو جۆرە هاوەڵدانانەی کە لە دەقەکانی شەریعەتدا بە شیرك وهاوەڵ بڕیاردان ناوزەد کراون، بەڵام ناگەنە ئاستی هاوەڵ بڕیاردانی گەورە .

## جۆرەکانی هاوەڵ بڕیاردانی بچووک :

---

([7]) أخرجه الترمذي في تفسير القرآن: (248/8)، والبيهقي (116/10)، وحسنه شيخ الإسلام في كتاب الإيمان: ( ص64).

سوێند خواردن بە غەیری خوا، ڕیا و ڕوپامایی، یان کەسێك بڵێ : ئەگەر خوا و جەنابت بتانەوێت، یان ئەگەر خوا و فلان کەس نەبوونایە، هەروەها بەدوای زانست گەڕان و فێربوونی تەنها لەبەر مووچە و دامەزراندن وبڕوانامە بێت، نەك لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورە، یان فێربوونی زانست لەبەر ڕیا و سومعەت و ڕوپامایی خەڵکی، نمونـــەی تری لەم شێوەیە کە لەگەڵ ئیخلاصدا یەك ناگرنەوە .

### مەترسی هاوەڵ بڕیاردانی بچووک لەسەر خاوەنەکەی :

ئەو کەسەی دەکەوێتە ناو هاوەڵ بڕیاردانی گەورەوە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە، بەڵام هێندە هەیە شایستەی سزای سوتێنەری ئاگری دۆزەخە، و ئەو کەسەش ڕوبەڕوی مەترسیەکی گەورە دەبێتەوە، ئەگەر تەوبەی لێ نەکات، لەڕاستیدا ئەم جۆرە تاوان و هاوەڵ بڕیاردانە جێگای ئەوە نییە بە سووک سەیر بکرێت، چونکە زۆرێك لەو کەسانەی کە بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە قوتابی زانستە شەرعیەکانن کەوتونەتە ناو ئەم جۆرە تاوانەوە (خوا پەنامان بدات) چ جای خەڵکی تری نەخوێندەوار، خۆ ئەگەر ئەو کەسەی کەوتوەتە ناو ئەم جۆرە هاوەڵ بڕیاردانەوە ئاگاداری خۆی نەبێت وتەوبەی لێ نەکات سەردەکێشێت بۆ شیرك و هاوەڵ بڕیاردانی گەورەوە کە خاوەنەکەی بێباوەڕ دەکات، بۆیە دەبێت زۆر ئاگاداربین و خۆمانی لێ بپارێزین .

### بەشەکانی هاوەڵ بڕیاردانی بچووک :

هاوەڵ بڕیاردانی بچووك دەکرێت بە دوو بەشەوە :

1)هاوەڵ بڕیاردانی ئاشکرا و دیار .

2) هاوەڵ بڕیاردانی پەنهان و نادیار .

**یەکەم : هاوەڵ بڕیاردانی ئاشکرا و دیار :**

ئەمەش دەکرێت بە دوو بەشەوە :

1) هاوەڵ بڕیاردان لە کاروکردەوەدا .

2) هاوەڵ بڕیاردان لە قسە و گوفتاردا .

هاوەڵ بڕیاردان لە کاروکردەوەدا : وەك لەدەستکردن ولەمل کردنی هەڵقە و پەت و دەزوو و هاوشێوەکانی، هەروەها هەڵواسینی نووشتە و مووروو و تەڵاسم بە بڕوای ئەوەی گوایە لەچاو وجنۆکە و نەخۆشی و بەڵا و موصیبەت و ئەم شتانە ئەو کەسە دەپارێزن، ئەمەش گومانی تێدا نییە شیرك وهاوەڵ بڕیاردانی بچووکە، بەڵام بەمەرج : ئەگەر هاتوو ئەو کەسەی ئەم کارانە دەکات باوەڕی وابوو ئەم شتانە خۆیان بۆ خۆیان سوود و زیان دەگەیەنن، ئەوە دەبێتە شیرك وهاوەڵ بڕیاردانی گەورە، بەڵام ئەگەر هاتوو باوەڕی وابوو تەنها ئەو شتانە هۆکاری هێنانی سوود و زیانن، ئەوە ئەم کەسە شتێکی کردووە بە هۆکاری سوود و زیان بەخشین کە لە ڕاستیدا هیچ هۆکار نین، ئەمەش بە هاوەڵ بڕیاردانی بچووك هەژمار دەکرێت .

هاوەڵ بڕیاردان لە قسە و گوفتاردا : وەك سوێند خواردن بە غەیری خوا ﷻ، وەك ئەوەی کەسێك سوێند بە باوکی بخوات، یان بە باپیری، یان بە کەعبە، یان بەژیانی خۆم، یان بە ژیانی فلان کەس، یان تەنانەت سوێند خواردن بە پێغەمبەر ﷺ، یان هەندیك کەس فێربوون دەڵێن : لەسایەی فلان کەسەوە بارانمان بۆ باری، یان بڵێیت : ئەگەر خوا و جەنابت بتانەوێت، یان بڵێ : ئەگەر قاز یان سەگەکە بەماڵدا نەبوایە دزیمان لێ دەکرا، چەند قسە و گوفتارێکی تر کە جێگای ئەوە نییە باسی هەموویان بکەین .

### دووەم : هاوەڵ بڕیاردانی پەنهان و نادیار :

مەبەست لێی ئەو شیرك و هاوەڵ بڕیاردانەیە کە پەیوەندی بە مەبەست و نیەتەکانەوە هەیە، ئەم جۆرەش لە شیرك و هاوەڵ بڕیاردان خەڵکی زۆر دووچاری دەبن، کەسانی زانا وشارەزا لێی پارێزراو نەبوون، چ جای کەسانی نەخوێنەوار و نەشارەزا لەدین، مەگەر کەسانێك نەبن خوای گەورە بە ڕەحمی خۆی ڕەحمی لەگەڵ کردبن، بەڕاستی ئەم جۆرە وەك دەریای بێ کەنار وایە، زۆر بەناو خەڵکیدا بەربڵاوە .

## جیاوازی نێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و بچووک

| هاوەڵ بڕیاردانی گەورە | هاوەڵ بڕیاردانی بچووک |
|---|---|
| خاوەنەکەی بەهەمیشەیی لەناو ئاگردا دەمێنێتەوە | خاوەنەکەی بەهەمیشەیی لەناو ئاگردا نامێنێتەوە |
| هەرچی کاروکردەوەی چاکە هەیە بەیەکجاری هەمووی لەناو دەبات و دەیانسڕێتەوە | کاروکردەوەی چاکە بەیەکجاری هەمووی لەناو نابات و نایسڕێتەوە |
| خاوەنەکەی خوێن وماڵی حەڵاڵ دەبێت | خاوەنەکەی خوێن و ماڵی حەڵاڵ نابێت |
| خوای گەورە بە تەوبەی پێش مردن نەبێت هەرگیز لێی خۆش نابێت . | خاوەنەکەی لەژێر وویست و مەشیئەتی خوای گەورەدایە، ئەگەر وویستی سزای دەدات، وە ئەگەر وویستیشی لەسەر بێت لێی خۆش دەبێت . |

**سەردانی کردنی گۆڕەکان :**

خوای گەورە ڕێگای داوە بە بەندەکانی کە سەردانی گۆڕەکان بکەن، بۆ ئەوەی هەمیشە ئامادەی گەڕانەوەبن بۆلای خۆی، وە هەروەها وەك دڵدانەوەیەکیش بێت لەبەرامبەر ئەو ناڕەحەتی و ناخۆشیانەی دێتە ڕێگای لە دونیادا، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کاتێك ڕێگایشی داوە بەسەردانی گۆڕ و گۆڕستانەکان، ئەوەشی بۆ ڕوونکردوینەتەوە کە هەندێك سەردان هەیە بۆلای گۆڕەکان دروست نییە، جا کەواتە با بزانین کامەیان ڕێگای پێدراوە و مەشروعە ؟ وە کامەیان ڕێگای لێگیراوە و نامەشروعە ؟

**بەشەکانی سەردانی کردنی گۆڕەکان:**

سەردانی کردنی گۆڕەکان سێ بەشن :

1)سەردانی کردنێکی دروست و شەرعی

2)سەردانی کردنێکی بیدعی وداهێنراو .

3) سەردانی کردنێکی شیرکی .

**یەکەم : سەردانی کردنێکی دروست و شەرعی یان سوننەتی :**

ئەو سەردانی کردنەیە کە پێغەمبەری خوا ﷺ ڕێگای پێداوە، بەڵگەش لەسەر ئەمە ئەم فەرموودەیەیە : عن بريدة ﷺ عن النبي ﷺ قال: { كنت قد نهيتكم عن زيارة القبور

فزوروها، فإنها تذكركم الآخرة }[8] واتا: بوریده (خوای لێ ڕازی بێت) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: من پێشتر قەدەغەم لێکردن لەسەردانی کردنی گۆڕەکان، ئێستا ئیتر سەردانیان بکەن، چونکە دواڕۆژتان وە بیر دەهێننەوە .

**ئادابی سەردانی کردنی گۆڕستان :**

أ) دەبێت ئەو کەسەی دەچێتە سەر گۆڕ و گۆڕستانەکان نیەتی ئەوە بێت دواڕۆژ وناو گۆڕی بکەوێتەوە بیر، و پەند وئامۆژگاری لێوەربگرێت، تاوەکو بەکار وکردەوەی چاکە خۆی ئامادە بکات بۆ ئەو ڕۆژەی دەگاتە ئەو شوێنە .

ب) مەبەستی ئەوە بێت لەسەر ئەو گۆڕانە، نزا وپاڕانەوە بۆ خۆی و مردووی موسڵمانیش بکات .

ج) نابێت زیارەتکردنی گۆڕەکان (شد الرحال) ی بۆ بکرێت واتا : نابێت کۆڵ و باری بۆ کۆبکرێتەوە و سەفەری بۆ بکرێت، چونکە پێغەمبەر ﷺ قەدەغەی لەوەها کارێك کردووە، بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە : عن أبي سعيد الخدري ﷺ قال : قال رسول الله ﷺ: { لاَ تُشَدُّ الرِّحَالُ إِلاَّ إِلَى ثَلاَثَةِ مَسَاجِدَ مَسْجِدِي هَذَا وَمَسْجِدِ الْحَرَامِ وَمَسْجِدِ الأَقْصَى }[9] واتا : کۆڵ

---

([8]) رواه مسلم في كتاب الجنائز، باب استئذان النبي صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ ربه عز وجل في زيارة قبر أمه (977).

([9]) رواه البخاري في كتاب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة،باب فضل الصلاة في مسجد مكة والمدينة (1189)، ومسلم في كتاب الحج،باب لا تشد الرحال إلا إلى ثلاثة مساجد (3450).

وبارتان مەپێچنەوە بۆ سێ جێگا نەبێت : بۆ ئەم مزگەوتەی من، و بۆ مزگەوتی حەرام و بۆ مزگەوتی ئەقصی نەبێت.

**دووەم : سەردانی کردنێکی بیدعی و داهێنراو :**

مەبەست لەم سەردانی کردنەش ئەو سەردانیەیە کە ئەو کەسە ڕەچاوی ئەو ئادابانە نەکات کە باسمان کردن، وە بە پێی سوننەتی پێغەمبەر ﷺ نەبێت، بۆ نموونە مەبەستی لە سەردانی کردنی گۆڕ و گۆڕستانەکان، نزا و پاڕانەوە بێت یان نوێژکردن بێت لەسەریان، یان بە نیەتی مانەوە و ئیعتکاف کردن بێت لای ئەو گۆڕانە، یان بەمەستی ئەوە بێت خاوەنی ئەو گۆڕانە بکاتە وەسیلە و هۆکاری پاڕانەوە لای خوا، وەك ئەوەی لەوێ بڵێ : ئەی خوایە من بە پلە وپایەی ئەم خاوەن گۆڕە داوات لێ دەکەم، یان بە پلە وپایەی هەر کەسێکی تری ئامادە نەبوو، هەرچەند ئەم کەسە وادەزانێت کە داوا و پاڕانەوەی لەغەیری خوا نەکردووە، یان جگە لەخوا کەسێکی تری نەپەرستووە، بەڵام ئەم کەسە با چاك بزانێت بەجۆرێك خەریکی پەرستنی خوایە کە خوای گەورە بەو جۆرە داوای لە بەندەکانی نەکردووە بیپەرستن، بەڵکو بیدعەی کردووە لەدیندا، و سنوور بەزێنی کردووە لە پاڕانەوەکانیدا، بەجۆرێك لەخوا پاڕاوەتەوە کە خوای گەورە وپەروەردگار فەرمانی پێ نەکردووە و پێی ڕازی نییە .

**سێهەم : سەردانی کردنێکی شیرکی :**

بەوە دەبێت ئەو کەسەی کە سەردانی ئەو گۆڕ و گۆڕستانانە دەکات مەبەستی سەرەکی خاوەن گۆڕەکە بێت، بەمانایەکی تر مەبەستی ئەوەیە بچێت لەخاوەنی ئەو گۆڕە بپاڕێتەوە، کە سوودی پێ بگەیەنێت یان زیانی لێ دوور بخاتەوە، وەك ئەوە بپاڕێتەوە کە شیفای نەخۆشێکی بۆ بدات، یان کەسێکی وون بووی بۆ بگەڕێنێتەوە، یان منداڵێکی پێ ببەخشێت، یان لەکاتی نەهامەتی و ناخۆشیدا ئاگای لێی بێت، یان داوای هەر پێداویستیەکی تری لێ بکات، هەر کەس بەم شێوەیە بکات، ئەوە بێگومان کەوتوەتە ناو شیرك وهاوەڵ بڕیاردانی گەورەوە، خوای گەورە هەرگیز لێی خۆش نابێت، بەوە نەبێت تەوبەی یەکجاری لێ بکات و نەگەڕێتەوە سەری جارێکی تر .

خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ وَإِن يَمْسَسْكَ ٱللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُۥٓ إِلَّا هُوَ ۖ وَإِن يُرِدْكَ بِخَيْرٍ فَلَا رَآدَّ لِفَضْلِهِۦ ﴾[10]

واتا : هاناو هاواریش نەبەیت بۆ کەسێک یان شتێک لە جیاتی خوا، کە نە قازانجت پێ دەگەیەنێت نە زیان (چونکە قازانج و زیان هەر بەدەست خوایە)، خۆ ئەگەر کاری وا ئەنجام بدەیت، ئەوە بەڕاستی تۆ لـە ستەمکارانیت ﴿١٠٦﴾ ئەگەر خوا تووشی ناخۆشی و زیانێکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت فریات بکەوێت و لەسەرتی لابەرێت جگە لەو زاتە، یاخود ئەگەر

(10) سورة يونس: الآيتان 106، 107.

بیەوێت تووشی خێر و خۆشیەکت بکات، ئەوە هیچ کەس ناتوانێت بەری فەزڵ و بەخششی خوا بگرێت .

هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَمَنْ أَضَلُّ مِمَّن يَدْعُوا مِن دُونِ اللَّهِ مَن لَّا يَسْتَجِيبُ لَهُ إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ وَهُمْ عَن دُعَائِهِمْ غَافِلُونَ ۝٥ ﴾ [11] واتا : کێ لەو کەسە گومڕاترە جگە لە خوا شتێك بپەرستێت، کە تا ڕۆژی قیامەت بە دەنگیەوە نایەت و وەڵامی دوعا و پاڕانەوەی ناداتەوە , ئەوانە لەپەرستن و هاوارەکەش بێ ئاگا و غافڵن، چونکە دارو بەرد وەڵامیان لە کوێ بوو؟ .

(11) سورة الأحقاف: الآية 5.

## دوو ڕوویی و جۆرەکانی

### مانای دوو ڕوویی :

**دوو ڕوویی** : واتا: دەرخستن و ئاشکرا کردنی خێر وچاکە، و شاردنەوە و پەنهان کردنی شەڕ و خراپە، بە مانایەکی تر، دەرخستنی ئیمان و باوەڕ، و شاردنەوەی کوفر و بێباوەڕی، سورەتی تەوبە کە بە سورەتی ئابڕوبەر وفەضح کردن ناونراوە، هەرچی ئەوەی ئەهلی نیفاق و دوو ڕووەکان لەسەری بوون ئاشکرای کرد و ڕوونی کردەوە بۆ پێغەمبەر ﷺ وباوەڕداران، وە موسڵمانانی ئاگادار کردەوە لەو فڕوفێڵ و خراپە و خراپەکاریەی کە بەرامبەریان هەیانە، لە ڕق و کینە ودوژمانیەتی .

### جۆرەکانی دوو ڕوویی :

دوو ڕوویی دەکرێت بە دوو بەشەوە، گەورە و بچووك :

**یەکەم: دوو ڕوویی گەورە** : مەبەست پێی دوو ڕوویيە لە بیروباوەڕدا، ئەویش دەکرێت بە شەش بەشەوە :

1) لەدڵەوە بەدرۆزانین و باوەڕ نەکردن بە پێغەمبەر ﷺ .

2) بـەدرۆزانین وباوەڕ نەکردن بەوەی پێغەمبەر ﷺ لەشەریعەت هێناویەتی .

3) ڕق بوونەوە لە پێغەمبەر ﷺ .

4) ڕق بوونەوە لەو شەریعەتەی کە پێغەمبەر ﷺ هێناویەتی .

5) خۆشحـاڵ بـوون بە شکستی ونسکۆی ئاینەکەی پێغەمبەرﷺ.

6) نارەحەت بوون بە سەرکەوتنی ئاینەکەی پێغەمبەر ﷺ .

**دووەم : دوو ڕوویی بچووک** : مەبەست پێی دوو ڕوویی کردەوەکانە، ئەویش بە تاوان و گوناهی گەورە ناوزەد دەکرێت، بەڵام هێندە هەیە خاوەنەکەی پێی لەدین دەرناچێت .

**هەندێک لەجۆرەکانی دوو ڕوویی بچووک** :

1) درۆ کردن .

2) غەدر کردن .

3) خیانەت کردن لە سپاردە و ئەمانەت .

4) پەیمان شکێنی .

5) ناکۆکیەك کە سنوور شکێنی بەدوادا بێت .

بەڵگەش بۆ ئەمە ئەو فەرموودەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

{ آيَةُ الْمُنَافِقِ ثَلاَثٌ: إِذَا حَدَّثَ كَذَبَ ، وَإِذَا وَعَدَ أَخْلَفَ، وَإِذَا اؤْتُمِنَ خَانَ". وفي رواية : "وَإِذَا عَاهَدَ غَدَرَ، وَإِذَا خَاصَمَ فَجَرَ[12]، } [13] واتا : نیشانەکانی دوو ڕوو سیانن : کاتێك قسە دەکات درۆ دەکات، وە کاتێك پەیمان دەدات نایباتە سەر، وە کاتێك سپاردەیەکی لادادەنرێت خیانەتی لێ دەکات، لەڕیوایەتێکی تردا هاتووە : هەرکاتێك ناکۆکیەکی دەبێت لەگەڵ کەسێکدا سنوور شکێنی دەکات .

---

[12] ماناي « إذا خاصم فجر» : لەهەق لادان وسنوور شکاندن، لێرەدا مەبەست ئەوەیە جنێو و قسەی ناشرین وبوهتان دەکات بۆ بەرامبەرەکەی

[13] رواه البخاري في، باب علامات المنافق (33)، ومسلم في كتاب الإيمان ،باب بيان خصال المنافق (219)

یەکێکی تر لە نیشانەکانی دوو ڕوویی، دواکەوتن لە نوێژی بەیانی و نوێژی خەوتنان لەگەڵ موسڵمانان‌اندا بەبێ هیچ عوزر و بیانویەکی شەرعی، بەڵگەش بۆ ئەمە ئەم فەرموودەیەیە کە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی : { أَثْقَلَ الصَّلاَةِ عَلَى الْمُنَافِقِينَ صَلاَةُ الْعِشَاءِ، وَصَلاَةُ الْفَجْرِ، وَلَوْ يَعْلَمُونَ مَا فِيهِمَا, لأَتَوْهُمَا وَلَوْ حَبْوًا...} [14] واتا : قورسترین نوێژ لەسەر دوو ڕووەکان نوێژی خەوتنان و نوێژی بەیانی یە، ئەگەر بیانزانیایە چی خێر وپاداشتێکی تێدایە، ئەگەر بە گاگۆڵکێش بوایە دەهاتن بۆی .

---

([14]) رواه البخاري في الصلاة، باب فضل العشاء في الجماعة (656)، ومسلم في كتاب المساجد ومواضع الصلاة ، باب فضل صلاة الجماعة وبيان التشديد في التخلف عنها (1041)

## جادوو و فڕوفێڵ كردن وچەند شتێكی دیكە

### یەكەم : هەقیقەتی جادوو .

جادوو بوونی هەیە و ڕوو دەدات، چونكە ئەگەر بهاتایە جادوو ڕووی نەدایە و هەقیقەتی نەبوایە، لە شەریعەتی پیرۆزی ئیسلامدا قەدەغەی لێ نەدەكرا، و هەڕەشەی توندیش لەو كەسە نەدەكرا كە خەریكی جادوو كردنە، وە لەدونیا و دواڕۆژیشدا سزای سەختی بۆ دیاری نەدەكرا، و خوای گەورەش فەرمانی نەدەكرد كە پەنا بەخۆی بگرین لەو كەسانەی كە جادوو دەكەن، خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بۆی باس كردووین كە جادوو لەسەردەمی فیرعەوندا هەبووە، وە فیرعەون زۆر هەوڵیداوە كە بەجادوو بەرامبەر موعجیزەكانی موسی پێغەمبەر ﷺ بوەستێ .

### دووەم : ئایا جادوو كاریگەری هەیە ؟

بەڵێ جادوو كاریگەری هەیە، جادوو هەیە خەڵك نەخۆش دەخات، وە هەیانە خەڵكی دەكوژێت، وە هەیانە بیر و هۆش لەسەر خۆی ناهێڵێت، وە هەیانە چاوبەست لەخەڵكی دەكات، وە جادوویش هەیە نێوانی ژن و مێرد تێك دەدات و لەیەكیان جودا دەكاتەوە، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین جادوو بە تەنها خۆی ناتوانێت كاریگەری هەبێت بەبێ قەزا و قەدەری خوای گەورە ﷻ، چونكە خوای گەورە خۆی خێر و شەڕیشی دروستكردوە، گومانی تێدا نییە جادوویش لەو شەڕانەیە خوای گەورە دروستی كردووە، بۆیە دەبینین خوای گەورە لەم بارەیەوە فەرموویـــەتی: ﴿وَمَا هُم بِضَآرِّينَ بِهِۦ

مِنۡ أَحَدٍ إِلَّا بِإِذۡنِ ٱللَّهِ ﴾[15] واتا: ئەو جادووگەرانە ناتوانن هیچ زیانێك بە كەس بگەیەنن، مەگەر ویستی خوای لەسەر بێت .

**سێهەم : زیانەكانی جادوو لەسەر تاك و كۆمەڵگە :**

زیانی جادوو لەسەر مرۆڤ : گومانی تێدا نییە زیانی هەیە لەسەر ژیانی دونیای و دینی مرۆڤ، بەجۆرێك جادوو وا دەكات لەمرۆڤ كە واز بهێنێت لەطاعەت و عیبادەتەكانی و دەست بداتە سەر پێچی خوای گەورە، هەر لەبەر ئەمەیشە دەبینین هەندێك بە نەزانین و نە شارەزاییان بۆ ڕزگار بوونیان لەزیانی جادوو ڕوو دەكەنە لای جادوو گەر و فاڵچیەكان، پاشان بەو هۆیەوە دەكەونە ناو شیرك و هاوەڵ بڕیاردانەوە بۆ خوای گەورە، لەم بارەیەشەوە پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: { من أتى عرافاً أو كاهناً فصدقه بما يقول فقد كفر بما أنزل على محمد}[16]

واتا : هەركەسێك بچێت بۆلای فاڵچی و كاهنێك وئەوەی دەیڵێت بەڕاستی بزانێت وبڕوای پێ بكات، ئەوا بێگومان بێباوەڕ بووە بەوەی كە دابەزیوە بۆ سەر محمد ﷺ .

بەڵام شوێنەوار وكاریگەریە دونیایەكانی لەسەر مرۆڤ ئەوەیە كە نەخۆشی دەخات، یان دەیكوژێت، یان سەرسام و سەرگەردانی دەكات، بەشێوەیەك نازانێت خەریكی چیە و چی دەكات، ژیانی لێ تاڵ دەكات و هەمیشە دڵتەنگ و خەمبار دیارە .

---

([15]) سورة البقرة : الآية 102.

([16]) رواه الإمام أحمد (9532)، والحاكم في "المستدرك" (8/1) وصححه على شرطهما، والبيهقي (135/8) قال العراقي في "أماليه": حديث صحيح، وقال الذهبي: إسناده قوي،وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (89).

کاریگەریشی لەسەر کۆمەڵگە : زۆر ڕوون و ئاشکرایە. چونکە تاك خشتێکە لەخشتەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی، کاتێك بینیت کە تاکێك لە تاکەکانی ناو کۆمەڵگە تووشی ئەم نەخۆشیە بووە، ئیتر ئوممەت چۆن ئیصلاح دەبێت و بەرەو پێش دەچێت، کاریگەری جادوو لەسەر کۆمەڵگە زۆر ڕوون و ئاشکرایە، بەشێوەیەك گومان و دوو دڵی دەچێنێت لەدڵی خەڵکی، و ڕق و کینە و حەسوودی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەتی ئەگەر بێتو کەسێك بزانێت فلان کەسی ناسراوی جادووی لێکردووە، ئەمەش وادەکات ئەو کەسەی جادووەکەی لێکراوە بەهەموو شێوەیەك هەوڵی تۆڵە سەندنەوەی خۆی دەدات لەو کەسەی جادووەکەی لێکردووە، ئا لێرەوە ئیتر خەلەل و درز دەکەوێتە ناو کۆمەڵگەوە، کوشتن وبڕین ودوژمانیەتی بڵاو دەبێتەوە لەنێوانیاندا، لەکۆتایشەوە ئاداب و ڕەوشتە ئیسلامیەکان دەفەوتێن، کە پێشتر جێگەی فەخر و شانازی ئوممەتی ئیسلامی بووە، ئەمن و ئاسایش و دڵ ئارامی بار دەکات و لەجێگەیدا ترس و دڵە ڕاوکێ و خۆشەویستی تاوان چەکەرە دەکات و سەرهەڵدەدات .

## چوارەم : حوکمی جادوو و جادووگەران :

حوکمی جادوو: خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا حوکمی داوە بەسەر ئەو کەسەی کە جادوو فێر دەبێت بە کوفر و بێباوەڕی، وەك فـەرمـــــوویەتی : ﴿وَمَا يُعَلِّمَانِ مِنْ أَحَدٍ حَتَّىٰ يَقُولَآ إِنَّمَا نَحْنُ فِتْنَةٌ فَلَا تَكْفُرْ﴾[17] واتا : لەهەمان کاتدا (هاروت و ماروت) هەر کەسێکیان فێری جادوو دەکرد

[17] سورة البقرة : الآیة102.

له سەرەتاوە پێیان دەگوت : ئەم کارەی ئێمە تەنها بۆ تاقیکردنەوەو فێر بوونی جیاکردنەوەی (موعجیزە) و(سیحرە) و لەلایەن خواوە نێردراوین، کەوابوو ئاگادار بە! خۆت کافر مەکە و فێری جادوو نەبیت .

فێربوونی جادوو حەرامە، جا چی بۆ ئەوە بێت جادووی پێ بکات لەخەڵکی، یان فێری ببێت بۆ ئەوەی لە جادوو خۆی پێ بپارێزێت، پێغەمبەریش ﷺ فێربوونی جادووی بە یەکێك لە تاوانە گەورە و لەناوبەرەکان ژماردووە، وەك فەرموویەتی:{ اجتنبوا السبع الموبقات }[18] واتا : دوور بکەونەوە لە حەوت تاوانە لەناوبەرەکە، ئەمجا لەناو ئەوانەدا باسی جادووی کرد .

حوکمی جادووگەریش: جمهوری زانایان لەسەر ئەوەن حوکمی جادووگەر لەشەریعەتی ئیسلامدا کوشتنە، ئەمەش لەهاوەڵە بەڕێزەکانەوە ڕیوایەت کراوە (خوایان لێ ڕازی بێت)، جوندوب (کە یەکێکە لەهاوەڵە بەریزەکان خوای لێ ڕازی بێت) دەڵێت : سزای جادووگەر ئەوەیە بە شمشێر بکوژرێت[19].

بەجالەی کوڕی عەبدە دەڵێت: عومەری کوڕی خەتاب ؓ نووسی کە هەرچی ژن و پیاوی جادووگەر هەیە بیکوژن، ئێمەش سێ ژنی جادووگەرمان کوشت[20]، هەروەها لە حەفصەی دایکی

---

([18]) رواه البخاري في الوصايا، باب قول الله تعالى:{إن الذين يأكلون أموال اليتامى..}(2766)، ومسلم في كتاب الإيمان باب بيان الكبائر وأكبرها (272).

([19]) رواه الترمذي قي كتاب الحدود ، باب ما جاء في حد الساحر (1460).

([20]) عبد الرازق: (179/10) ، أحمد : (190/1).

باوەڕدارانەوە ڕیوایەت کراوە (خوای لێ ڕازی بێت) کە فەرمانی کرد ئەو کەنیزەکە بکوژن کە جادووی لێ کردبوو، ئەوە بوو پاشتر کوشتیان[21].

**پێنجەم : چۆن خۆت دەپارێزیت لە جادوو [22] ؟**

1) جێ بەجێکردنی یەکخواپەرستی پاکو بێ خەوش وخاڵ بۆ خوای گەورە ﷻ، ئەویش بەوە دەبێت دڵی مرۆڤی باوەڕدار تەنها پەیوەست بێت بەخوای گەورە و داماڵرێت لە پەیوەست بوونی بە غەیری خوداوە، وە دوور کەوتنەوە لەهەموو جۆرەکانی شیرك و هاوبەشی دانان بۆ خوای گەورە، وە خۆپاراستن لە گوناهە گەورە و بچووکەکان، ئەم چارەسەریانەی باسمانکردن کاریگەری گەورە و ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر خۆپاراستن لە خراپە و خراپەکاری جادوو و جادووگەران بەیارمەتی خوای گەورە و پەروەردگار .

2) ئیخلاص و خۆیەکلایکردنەوە بۆ خوای گەورە لە پەرستنەکاندا، چونکە ئەم کارە ڕێگای ڕزگار بوونە لە شەیتان و شوێنکەوتوانی، خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا لەم بارەیەوە لەسەر زاری شەیتان فەرمووویەتی:﴿ قَالَ رَبِّ بِمَآ أَغۡوَيۡتَنِي لَأُزَيِّنَنَّ لَهُمۡ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَأُغۡوِيَنَّهُمۡ أَجۡمَعِينَ ٣٩ إِلَّا عِبَادَكَ مِنۡهُمُ ٱلۡمُخۡلَصِينَ ﴾[23] واتا: شەیتان وتی: ئەی پەروەردگاری من، بەهۆی ئەوەوە کە تۆ گومڕات کردم، واتا: لەسەر سوژدە نەبردن بۆ ئادەم, مەرج بێت منیش گوناە و لاساری بۆ وەچە و

---

[21] البخاري في التاريخ الكبير: (222/2).
[22] كتێبی ( بلاد الحرمين الشريفين والموقف الصارم من السحر والسحرة ) .
[23] سورة الحجر : الآيتان 39-40.

نەوەکانی ئادەم لەزەویدا شیرین کەم, و گشتیشیان لەرێی ڕاست گومڕاو سەر لێشێواو بکەم﴿٣٩﴾جگە لە بەندە پوختە و دڵسۆزەکانی خۆت نەبێت(چونکە دڵیان بە باوەڕ بە تۆو یـادی تۆ ئاوەدانە، هـەوڵ و کۆششی مـن بۆ وێڵ کـردنیان نا ئاکامە).

3) پابەندبوون بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، پێغەمبەر ﷺ لەم بارەیەوە فەرموویەتی: « من أراد بحبوحة الجنة فليلزم الجماعة؛ فإن الشيطان مع الواحد وهو من الاثنين أبعد »[24] واتا : هەرکەس ناوەڕاستی بەهەشتی دەوێت با پابەند بێت بە کۆمەڵی موسڵمانانەوە، چونکە شەیتان لەگەڵ یەك کەسدایە و لەدووانەوە دوورترە .

4) پابەند بوون و پارێزگاری کردن لە نوێژە فەرزەکان وئەنجامدانیان بە کۆمەڵ لەمزگەوت، بەتایبەتی نوێژی بەیانی و خەوتنان، چونکە کەمتەرخەمی کردن لە ئەنجامدانی نوێژەکان بەکۆمەڵ ئاسانکاری دەکات بۆ شەیتان تاوەکو بەندەکان گومڕا و سەرگەردان بکات .

5) پابەندبوون بە قورئان و سوننەتەوە، ئەمەش گەورەترین هۆکارە بۆ خۆپاراستن لە شەیتان، چونکە پابەندبوون بە قورئان و سوننەت بەشێوەیەکی زانستی و عەمەلی، هۆکارێکی زۆر باش و سەرەکیە بۆ پاراستنی مرۆڤ لە جادووگەران و فاڵچی وکاهینەکان، « **روى ابن الجوزي بسنده عن الأعمش قال: "حدثنا رجل كان يكلم الجن، فقالوا: ليس علينا أشد ممن يتبع السنة، وأما أصحاب الأهواء فإنا**

(24) رواه الترمذي في الفتن ،باب ما جاء في لزوم الجماعة (2167) و صححه الألباني في صحيح سنن ابن ماجه ( 2363 ).

**نلعب بهم لعباً** »[25] واتا: ابن الجوزی بەسەنەدی خۆی لە ئەعمەشەوە ڕیوایەتی کردووە، و دەڵێت: پیاوێك کە قسەی لەگەڵ جنۆکەدا دەکرد بۆی گێراینەوە، جنۆکەکان پێیان ووت: هیچ شتێك وەك ئەوە گران و قورس نییە بەلای ئێمەوە لەو کەسەی کە شوێن سوننەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەوێت، بەڵام خەڵکانێك شوێن هەواو و ئارەزووی خۆیان دەکەون، ئێمە بە هەوەسی خۆمان یاریان پێ دەکەین و دەیانهێنین و دەیانبەین .

6) خۆپاراستن و لەخواترسان وگەڕانەوە بۆلای پەروەردگار، خوای گەورەش فەرموویەتی: ﴿ وَنَجَّيْنَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَكَانُوا۟ يَتَّقُونَ ﴿١٨﴾ ﴾[26] واتا : ئەوانەش کە بڕوایان هێناو لـە سنوورەکانی خوا خۆپارێزبوون، ڕزگارمانکردن .

7) تەوبەکردنێکی ڕاست و دروست وخۆپاکردنەوە لەتاوان و گوناهـ .

8) خێر و صەدەقە کردن و چوون بەدەم پێداویستیەکانی خەڵك و جێ بەجێکردنیان، چونکە یەکێك لەو هۆکارانەی کە مرۆڤ دەپارێزێت لە ناخۆشی و خراپە و نەهامەتی خێر و صەدەقە کردن و چوون بەدەم هەژارانەوەیە، بێگومان یارمەتیدانی هەژاران و نەداران زۆرێك لە خراپە و بەڵاو موصیبەت لەسەر مرۆڤ هەڵدەگرێت .

9) ڕوقیە و خوێندنی دوعا و ووێرد و ذیکری شەرعی، بەڵام بەم مەرجانەی لای خوارەوە :

أ)دەبێت بە کەلام و ووتە و گوفتاری خوای گەورە و ناو وصیفەتە پیرۆزەکانی بێت .

ب) دەبێت بە زومانی عەرەبی، یان بەهەر زمانێکی تر کە ماناکەی ڕوون و ئاشکرا بێت .

---

(25) تلبيس إبليس : ( لاپەڕە 39).
(26) سورة فصلت : الآية 18.

ج) دەبێت باوەڕت وابێت کە ڕوقیە و دوعای شەرعی خۆیان بۆ خۆیان کاریگەریان نییە، بەڵکو دەبێت باوەڕت وابێت ئەو ڕوقیە و دوعایانە تەنها هۆکارن ،ئەگینا ئەوەی کاریگەری دروست دەکات تەنها خــوای گەورە و پەروەردگارە ﷻ .

# پێڕستی بابەتەکان



| | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | (شرک) هاوەڵ بڕیاردان و بەشەکانی | 4 |
| 2 | بەشەکانی (شرک) هاوەڵ بڕیاردان بۆ خوا | 4 |
| 3 | یەکەم : هاوەڵ بڕیاردانی گەورە (الشرک الاکبر) | 4 |
| 4 | دووەم : هاوەڵ بڕیاردانی بچووک و جۆرەکانی | 9 |
| 5 | جیاوازی نێوان هاوەڵ بڕیاردانی گەورە و بچووک | 13 |
| 6 | سەردانی کردنی گۆڕەکان | 14 |
| 7 | ئادابی سەردانی کردنی گۆڕستان | 15 |
| 8 | دوو ڕوویی و جۆرەکانی | 19 |
| 9 | جۆرەکانی دوو ڕوویی | 19 |
| 10 | دوو ڕوویی گەورە | 19 |
| 11 | دوو ڕوویی بچووک | 20 |
| 12 | جادوو و فڕوفێڵ کردن وچەند شتێکی دیکە | 22 |

IslamHouse.com